www.kurdistannet.org
20/07/2003 13:15

# پرۆژەیەك بۆ لێكۆڵینەوە لە ژیان و رۆڵ ومیراتی بارزانی

د. جەبار قادر

## پێشەكی

ژیننامەی بارزانی و رۆڵی لە بزاڤی نەتەوەیی و نیشتمانی رزگاریخوازی كوردا لە سەدەی بیستەمیندا و ئەو میراتە سیاسی و كۆمەلأیەتیە دەوڵەمەندەی كە لە دوای خۆی بە جێی هێشتووە پانتاییەكی گەورەی لە ژیانی سیاسی و مێژووی نویێ و هاوچەرخی كوردا گرتۆتەوە. لێكۆڵینەوە لەم بوارانەدا پێویستییەكی زانستی و گرنگییەكی سیاسی هەیە بۆ ئەوەی ئێستا و دوا رۆژی كورد. بۆیە بەستنی كۆنفرانسی تایبەتی بۆ لێكۆڵینەوەی هەمەلایەنە لە گەشتی ژیان و خەبات و میراتی ئەم سەركردە مەزنە كارێكی پێویستە و لە جێی خۆیدایە.

لەم بوارەدا دەبیێ مرۆڤ دان بەو راستیەدا بنێ كە تەگەرەی راستەقینە لە بەردەم مێژونوساندا لە ئارادایە بۆ ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەی زانستی هەمەلایەنە لە مەر ژیانی بارزانی و رۆڵی لە بزاڤی نەتەوەیی كوردا. ئەو تەگەرانەش تەنها لەوەوە سەرچاوە ناگرن كە بەڵگە و دەكومێنتی مێژوویی لە بارەی بارزانیەوە كەمن و زوربەی ئەوەشی هەیە بریتییە لە شێواندنی راستیەكان بە مەبەست یا بە نەزانی. ئەلف و بای زانستی مێژوو و میتۆدی لیكۆڵینە لەم بوارەدا ئەو راستیە پیشان دەدا كە بەرهەمی زانستیی مێژوویی بە بیێ بەڵگە و دەكومێنت ئەنجام نادریێ. ئەمە تەنها لایەنێكی پرسەكەیە، لایەنەكەی تری ئەوەیە ژیان و خەبات و میراتی بارزانی تاوەكو ئێستا نەبوونەتە بابەتی مێژویی موجەرەد، هەرچەندە وا چارەكە سەدەیەك بە سەر ئەو رۆژانەدا تێدەپەریێ كاتیێ بارزانی بۆ دواجار ماڵئاوایی لێكردین. ئەم ماوەیەش لە گۆر پێوەر و پێوانەكانی زانستی مێژوو لە بارە بۆ ئەوەی رووداو پیێ بە مێژوو و كارمەندانی بواری ئەم زانستە بتوانن دوور لە كەف و كۆڵی سیاسەتی رۆژانە و كاردانەوەی توندی یاریكەرانی سەر گۆرەپانی سیاسی، بە شێوەیەكی هێمنانە و زانستیانە لێی بكۆڵنەوە. بەلأم بارزانی وەكو سەركردەیەكی كاریزمایی و كەسایەتییەكی مێژوویی كە پانتاییەكی گەورەی لە مێژووی سیاسی نەتەوەیی كوردا بۆ خۆی داگیركردووە و بوونی بە سیمبولی ئەو بزاڤە بۆ ماوەیەكی دوور و درێژ و رەوشی سەختی كورد و هەبوونی هێزێكی سیاسی لە ئارادا كە خۆی بەلایەنگری رێبازی بارزانی دادەنیێ و كردنی میراتی بارزانی بە بەشێك لە گەمە و ململانیێ سیاسی رۆژانە (من لێرەدا باسی دروستی و نادروستی ئەم مەسەلەیە ناكەم) لە گەڵ گەلیێ هۆی تردا وای كردووە كە ئەوەی پەیوەندی بە بارزانیەوە هەیە نەبونەتە بابەتی مێژوویی ئەبستراكت و بە زیندوویی ماوەتەوە و بە شێوەیەكی بەر چاو سێبەر و باڵی كێشاوە بە سەر رووداوە سیاسییەكانی كوردستاندا. ئەمەش بارێكی ئاساییە بۆ گەلیێ رووداو و كەسایەتی مەزن لە مێژوودا كە بۆ سالأنێكی دوور و درێژ كاریگەری و شوێن دەستیان لە سەر ژیانی سیاسی و كۆمەلأیەتی و كولتوریی كۆمەڵگەكانیان بە زیندوویی دەمێنێتەوە. بارزانی لە گەڵ هەوڵ و خەباتی دوور و درێژ و رۆڵی مەزنیدا لە مێژووی نویێ و هاوچەرخی كوردا و بە هۆی نسكۆی 1975 ەوە و بە وتەی خۆی لە بەر ئەوەی سەركەوتنی بۆ گەلی كورد بە دەست نەهێناوە بە پێویستی نازانیوە یادداشتی خۆی بنوسێتەوە (وەكو بە رۆژنامەنوسێكی ئەمریكی وتووە ئەو كاتەی لە ئەمریكا بوو) (1) (دوا رۆژەكانی بارزانی لە ئەمریكا) .

ئەوەی تاوەكو ئێستا لە سەر بارزانی بلأكراونەتەوە زیاتر لە سەر خەباتی سیاسی بارزانی و رۆڵی لە بزاڤی نەتەوەیی و نیشتمانی كوردان كە جێگەی ستایشن، بەلأم ناتوانن وێنەیەكی تەواوی سەردەمی بارزانی و گەشتی ژیانی سیاسی و رۆڵی لە بزاڤی كوردیدا و میراتی فیكری و سیاسی و كۆمەلأیەتی ئەو بكێشن.

ئەمانە و گەلیێ هۆی تر پێویستیی پرۆژەیەكی زانستی و پراكتیكی بۆ لێكۆڵینەوەی هەمەلایەنە لە ژیان و رۆڵ و میراتی مستەفا بارزانی دەخەنە روو، كە ئەم باسە هەوڵ دەدا سەردێر و هێڵە سەرەكییەكانی بخاتە بەردەم ئێوەی بەرێز. هەڵبەتە لە باسێكی كورتدا و لە دەرفەتێكی وا كەمدا ناكریێ هەموو وردەكارییەكانی ئەم پرۆژەیە تاوتویێ بكرێن. ئەمەی لێرەدا پێشكەش دەكریێ بریتیە لە چەند دید و بۆچوون و بیرۆكەیەكی سەرەتایی. تێبینی و بەدواداچونی ئەندامانی كۆنفرانس و شارەزایان و پسپۆران دەتوانن پرۆژەكە دەوڵەمەند بكەن و ئەگەر لە كۆتاییدا بە باش زانرا ئەنجامی بدەن.

## كۆكردنەوە و پۆلین كردنی بەڵگە و زانیارییەكان

تا ئێستا لێرە و لەویێ هەندیێ باس و لێكۆڵینەوە و كتێب لە سەر ژیانی بارزانی و رۆڵی لە رابەرایەتی بزاڤی نەتەوەیی كوردا و میراتی سیاسی و كۆمەلأیەتی و سەربازی و فیكری ئەو بلأوكراونەتەوە. بەلأم ئەم بەرهەمانە بە هیچ شێوەیەك لە گەڵ پێگە و جێگەی مەزنی

www.kurdistannet.org
20/07/2003 13:15

ئەودا لە مێژووی کوردا ناگونجێن، بۆیە پێویستی بە ئەنجامدانی پرۆژەیەکی نەتەوەیی مەزن بۆ لێکۆڵینەوە لە هەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی بارزانی کارێکی لە پێویست پێویست ترە. ئەنجامدانی پرۆژەیەکی لەم جۆرە بە شێوەیەکی زانستیانە پێش هەموو شتێ پێویستی بە کۆکردنەوەی هەموو ئەو بەڵگە و دەکومێنت و زانیارییانەوە هەیە کە لە مێژوودا لە مەڕ ژیان و کەسایەتی و رۆڵی بارزانی تۆمار کراون. بێ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە باوەڕ ناکەم مێژوونووسان بتوانن وێنەیەکی راستەقینەی بارزانی بۆ نەوەکانی داهاتوو تۆمار بکەن. ئەم زانیارییانە جۆر بە جۆرن و بەربڵاون و هەندێکیان پەیوەندیان بە شەخسی بارزانیەوە هەیە و ئەوانی تریان لە لایەنەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری دەدوێن. بۆ ئەوەی پەیدابوونی بارزانی لە چوارچێوەی مێژوویی سەردەمی خۆیدا بخوێندرێتەوە پێویستیمان بەوە هەیە کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمین بە شێوەیەکی بەربڵاو بکۆڵینەوە. بۆ ئەم کارەش پێویستیمان بەوەیە کە بەڵگە و دەکومێنت و نوسینە مێژووییەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمین سەر لەنوێ بخوێنینەوە. لێرەدا بەرهەمی بیری رۆژهەڵات زۆر هەژار و لاوازە بۆیە دەبێ پەنا ببەینە سەر ئەرشیفی دەوڵەتی ئۆسمانی و ئێران بە تایبەتی ئەوەی باس لەو سەردەمە دەکا. لە تەك ئەوەدا پێویستی بە کۆکردنەوەی بەڵگە رەسمییەکانی ئەرشیفخانەکانی بەریتانیا و فەرەنسا و روسیای چاری و یەکێتی سۆڤیەت و ئەڵمانیا و نەمسا و ئیتالیا و دەوڵەتانی تر هەیە. هەروەها پێویستە بە نوسینی گەریدە روس و ئینگلیز و فەرەنسی و ئەمریکی و هەموو ئەوانی تردا بچینەوە بە تایبەتی ئەوانەی باسیان لە باشوری کوردستان و دەڤەری بارزان و سەرهەڵدانی شێخ عەبدولسەلام و باری کۆمەڵایەتی و ئاینی ناوچەی بارزان کردووە. لە دوای شەریشەوە و لە گەڵ دامەزراندنی دەوڵەتەکانی عیراق و تورکیای کەمالی و ئێرانی رەزا شا و سوریا، ئەرشیفخانەکانی ئەم وڵاتانەش دبنە ئەو ناوەندەی کە هەواڵ و راپۆرتەکان لە سەر سەرهەڵدانەکانی کورد و سەرکردەکانی و پرۆژە و پیلان و رێکەوتن و پەیماننامە بۆ دامرکانەوەی کوردان، دەگرنە خۆ. هەڵبەتە لێرەدا لە کۆتایی بیستەکان و سەرەتای سییەکانەوە و تاوەکو کۆتایی حەفتاکان بارزانی دەبێ بە فیگورێکی سەرەکی لە راپۆرتی رەسمی دەزگا نهێنی و فەرمیەکانی ئەم دەوڵەتانەدا.

هەڵبەتە لە سییەکانەوە بەتایبەتی لە کاتی شەری دووەمی جیهانیدا و کۆتایی پەنجاکان و بەدرێژایی شەستەکان و تا کۆتایی حەفتاکان بارزانی دەبێتە یەکێ لە تێمە سەرەکییەکانی باڵیۆز و کۆنسوڵ و سیخور و راپۆرت نووسان لە دەڤەری رۆژهەڵاتی ناڤین و رۆژنامەوانانی گەلێ لە وڵاتانی رۆژئاوا. کۆکردنەوەی ئەم بەرهەمانە و پۆلین کردنیان بە شێوەیەکی زانستیانە و لە گۆر بابەتەکان و لێکدانەوەیان کارێکە تەنها بە تیم و گروپی کار و توێژینەوە ئەنجام دەدرێ کە لە دواییدا باسیان لێوە دەکەم.

لە تەك ئەمانەدا پێویستە هەموو ئەو نووسینانەی لە سەر بارزانی نوسراون لە یەك جێگەدا کۆ بکرینەوە و بە شێوەیەکی زانستی ئامادە بکرێن بۆ ئەوەی توێژەر و لێکۆڵێرەوەکان بتوانن خوێندنەوەی رەخنەگرانەیان لە سەری هەبێ و کەڵکیان لێ وەرگرن.

وا دەزانم ئەوانەی رۆژێ لە رۆژان لە یاوەری بارزانیدا بوونە و هێشتا لە ژیاندان زۆر نین. پێویستە بیرۆوەرییەکانیان بە شێوەیەکی زانستیانە یاداشت بکرێن و کۆبکرێنەوە. بۆ ئەم کارەش توێژەری پسپۆر پێویستە کە ئاگاداری و شارەزایی باشی لە مێژووی بارزانی هەبێ و توانای بەدەستهێنانی زانیاری لەو کەسانە هەبێ کە کارەساتەکانی ژیان هیلاکی کردون و رووداوەکانیان بە باشی لە بیر نەماوە و زۆر جار شتی گشتی دەڵێن کە تینۆتی توێژەر ناشکێنن. هەڵبەتە لێرەدا مەبەست ئەوە نیە کە لە میدیای کوردیدا دەکرێ و هەندێ وتەی گشتی ودووبارە و دەبارە تۆمار دەکەن، بەڵکو پێویستیمان بە زانیاری هەمەلایەنە هەیە کە تیشك و روناکی بخەنە سەر رووداوەکان و هەموو دید و بۆچوونەکان بە بێ هیچ سێنزور و سنوردار کردنێ بە ئەرێنی و نەرێنیەکانەوە لە سەر رووداوەکان کۆبکرێنەوە. ئەمانە دەکرێ لە سەر کاسێت و ڤیدیۆ کاسێت تۆمار بکرێن و بۆ بلاْکردنەوە نەبن و تەنها وەکو کەرەسە و مەتریاڵ لە لایەن شارەزایان و پسپۆرانەوە کەڵکیان لێ وەربگیرێ بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە.

هەروەها پێویستە لە رێگەی رۆژنامە و گۆڤار و ئەو کەسانەوە کە لە نزیکەوە لە تەك بارزانیدا کاریان کردووە هەموو وتەکانی کۆبکرێنەوە و هەوڵبدرێ بۆنە و کاتی ئەو وتانەی دەست نیشان بکرێ. دەکرێ لە دواییدا ئەو وتە و بۆچوونانە لە بەرهەمەیێکی سەربەخۆدا بلاْو بکرێنەوە.

بۆ ئاگادار بوون و دروستكردنی و ێنەیەكی تەواو لـە سەر سەرچاوە فكرییەكانی بارزانی زۆر گرنگە بزانین ئەو كتێب و بەرهەمە فیكریانە كامانەن كە بارزانی دەیخوێندنەوە. خوێندنەوەیەكی نوێی ئەو كتێب و بەرهەمانە دەتوانن یارمەتی مێژوونووس بدەن بۆ ئەوەی دید و بۆچوونە سیاسی و كۆمەلأیەتی و رۆحیەكانی بارزانی بخاتە چوارچێوەی راستەقینەی خۆیەوە.

پێموایە ئەمانە و گەلێ بەرهەم و سەرچاوەی یاریدەدەر دەربارەی مێژوی سیاسی و كۆمەلأیەتی و ئاینی و سەربازی و فیكری رۆژهەلأت و جیهان كە راستەوخۆ یان ناراستەخۆ پەیوەندییان بە لیكدانەوەی رۆڵ و كەسایەتی و میراتی بارزانیەوە هەیە لـە كتێبخانەیەكی تایبەتیدا كۆبكرێنەوە و بخرینە بەردەم توێژەران و پسپۆران بۆ ئەوەی لـە كاتی ئەنجامدانی پرۆژەكەدا كەڵكی لێوەرگرن و دوای تەواو بوونی پرۆژەكەش ببێتە ناوەندێك بۆ ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەی تر.

دەزگای بەرپرسیار لـە ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیە

ئەنجامدانی ئەم ئەركە پێویستی بە دەزگایەكی تایبەتی هەیە كە دەبێ ناوەندێك بێ بە نێوی ناوەندی بارزانی بۆ لێكۆڵینەوە. ئەو كتێبخانە تایبەتەی باسی لێوە كرا دەبێ بەشێك بێ لـەم ناوەندە. زۆر گرنگە ئەم ناوەندە چەند تیمێكی توێژینەوەی شارەزا و چالاك و بچوك بۆ كۆكردنەوە و پۆلین كردن و لێكدانەوەی كەرەسە و مەتریالەكان بگرێتە خۆی لـە گەڵ چەند كارمەندێكی چالاك و شارەزا لـە تایپ و كۆمپیوتەر و زمانی بیانی و راپەراندنی كاری زانستیدا. زۆر گرنگە ئەم دەزگایە پر نەكرێ لـە كارمەندی بێ كەڵك و تەمەڵ كە ببنە بار بە سەر پرۆژەكەوە و نەتوانن هیچ سودێكی پێ ببەخشن.

چەند كەسێكی چالاك دەتوانن پرۆژەكە بە رێوە بەرن و دەیان پسپۆر لـە دەرەوەی ناوەند و لـە دەرەوەی كوردستانیش بخەنە كار. تەنها بۆ نموونە دەكرێ داوا لـە خەڵكی شارەزا لـە ولأتانی جودا بكرێ ئەو كەرەسە و بەڵگە و دەكومێنتانەی لـە سەر بارزانی لـەو ولأتەنەدا پەیدا دەبن كە لێی دەژێن كۆبكەنەوە. بەهەمان شێوەش داوا لـە وەرگێران چی لـە ناوەوەی كوردستان و چی لـە دەرەوەی كوردستان بەرامبەر بە پارەیەكی دیاركراو بێ ئەوەی حكومەت ناچار بێ دەیان كەس دامەزرێنێ و موچەی مانگانەیان بداتێ ئەو دەقە بیانیانە بكەنە كوردی

(دەكرێ لـە دواییدا ئەو وەرگێراوانە وەكو كتێب و نامیلكەی سەربەخۆش تۆمار بكرێن) . هەوەرها دوای كۆكردنەوە و پۆلین كردنی كەرەسە و مەتریاڵەكان و دانانی پلأنێكی زانستی بۆ ئەنجامدانی پرۆژەكە دەكرێ داوا لـە پسپۆرانی كورد و بیانیش بكرێ هەر كەسێ لـە گۆر پسپۆرێتی و شارەزایی خۆی بەشێك یا بابەتێك لـە بابەتەكانی پرۆژەكە بنوسێ. دەكرێ ئەم پرۆژەیە دەستەی راوێژكار و دەستەی پسپۆری هەبێ كە دەستەی خۆبەخشن و بە بێ موچە كار دەكەن و لـە دوا بەشی ئەنجامدانی پرۆژەكەدا بە هەموو وتار و لێكۆڵینەوەكاندا دەچنەوە و بۆ زانا و پسپۆر و شارەزای ناسراوی دەنێرن بۆ نرخاندن و هەڵسەنگاندن.

تیمی كار و توێژینەوە پێویستی زۆری بەوە دەبێ كە سیمینار و كۆر و كۆنفرانس بۆ پسپۆران و شارەزایان ساز بكا و لـە پێشڤەچونی پرۆژەكە و گرفت و تەگەرەكان ئاگاداریان بكا و دیتن و بۆچوونەكانیان بۆ چارەسەركردنیان وەربگرێ و هەوڵی ئەوە بدا كە زۆرترین پیسپۆر و شارەزا لـە دەوری پرۆژەكە كۆ بكاتەوە.

لـە كاتی ئەنجامدانی پرۆژەكەدا دەیان پرس و گرفت دێنە كایەوە كە پێویستیان بە هەوڵی چارەسەر كردن دەبێ. ئەم پرۆژەیە كاری تیم و گروپ و دەستە جەمعیە بۆیە زۆر گرنگە ئەو كەسانەی لـەم پرۆژەیەدا كار دەكەن دەبێ بتوانن پێكەوە كار بكەن و كولتوری پێكەوەكاركردن و گوێ رایەڵكردن بۆ بیر و بۆچوونی كەسانی دی لایان گەشەی كردبێ. مرۆڤی تاكرەو و سەركەش و سینگ تەنگ ناتوانن ئەم ئەركە ئەنجام بدەن.

لـە یادی سەد ساڵەی بارزانی نەمردا بیرم لـە زۆر بابەت كردەوە كە راستەوخۆ پەیوەندیان بە گەشتی ژیانی پر لـە خەبات و قارەمانی بارزانی و رۆڵ و میراتی ئەم سەركردە مەزنەوە هەبوو. لـە كۆتاییدا پێم باش ئەم چەند بیرۆكە سەرپێیە بخەمە پێش ئێوەی بەرێز، هیوادارم هەندێ پرسی وروژاندبێ.

**تێبینی كوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەكەیەت، كوردستان نێت لـە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.**

www.kurdistannet.org